**بەکارهێنانی زانین لە کۆمەڵگادا**

**فرێدریش هایاك**

1

ئەو گرفتەی کامەیە دەمانەوێت چارەسەریبکەین کاتێك هەوڵدەدەین نیزامێکی ئابوریی عەقڵانی بنیات بنێین؟ لەسەر بنەمای گریمانە باوەکان، وەڵامەکە ئاسانە. *ئەگەر* هەموو زانیارییە پەیوەستەکانمان هەبێت، *ئەگەر* بتوانین دەستبەکاربین لەسەر بنەمای سیستەمی بەباشزانراوەکان، و *ئەگەر* زانینی تەواوەتیمان هەبێت لەبارەی ئامرازە فەراهەمەکانەوە، تەنها گرفتێك کە دەمێنێتەوە بریتییە لە گرفتی لۆژیك.

ئەویش ئەوەیە کە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بە چ شێوەیەك ئەو ئامرازانەی لەبەردەستدان بەباشترین شێوە بەکاربرێن لەناو گریمانەکانماندا خۆی مەڵاسداوە. ئەو بارودۆخانەی کە لە سایەیاندا پێویستە چارەسەری ئەم گرفتە پلەیەکە بکرێت زۆر بەباشی دانراوە و دەکرێت لەم هاوکێشە بیرکاریانەیەدا بخرێتە ڕوو: بە کورتی، ئەوانیش بریتین لەوەی کە ڕێژەی پەراوێزیی جێگرتنەوە (بریتییە لە کەمترین یان نەخوازراوترین ڕێژە کە کەسێك بیەوێت یەکەیەك لە کەلوپەل یان خزمەتگوزارییەکانی بگۆڕێتەوە بە یەکەیەکی دیکە.) لە نێوان هەر دوو کەلوپەلێك یان دانەیەك (لە هەر لایەکی هاوکێشەکەدا) پێویستە هەمان شت بێت لە هەموو بەکارهێنانە جیاجیاکانییاندا.

ئەمەش، سەرباری ئەوە، بەتەرکیزکردنەوە بریتی نیە لە گرفتێکی ئابوری کە کۆمەڵگا بەرەوڕوی دەبێتەوە. و حساباتە ئابورییەکان کە ئێمە پەرەمان پێداون بۆ چارەسەرکردنی گرفتە لۆژیکییەکان، هەرچەندە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو چارەسەری گرفتی ئابوری کۆمەڵگا، بەڵام هێشتاش وەڵامێکی پێنیە بۆی. هۆکاری ئەمەش بریتییە لەوەی کە ئەو "داتا (زانیاری)"یانەی کە حساباتە ئابوریەییەکانی لێوەی دەستپێدەکەن هەرگیز بۆ هەموو کۆمەڵگا نین "دراونەتە" تاقە عەقڵێك کە دەتوانێت دەرکەوتەکانی چارەسەربکات.

خاسیەتی زۆر تایبەتی گرفتی نیزامێکی ئابوری عەقڵانی بەوردی بەهۆی ئەو ڕاستییەوە دیاریکراوە کە زانین لەبارەی بارودۆخەکانەوە کە ئێمە پێویستە بەکاریانبهێنین هەرگیز بونیان نەبووە لە شێوەی چڕکراوە یان تێکئاڵاو بەڵکو بەتەنها بەشێوەی زانینی پەرتوبڵاوی ناتەواوبوە و زۆرجاریش ناکۆك کە هەریەکە لە تاکە جیاوازەکان هەیانە.

بەم پێیەش گرفتی ئابوری کۆمەڵگا بە تەنها گرفتی ئەوە نیە چۆن بتوانین سەرچاوەی "دیاریکراو" تەرخانبکەین ئەگەر بێتو "دیاریکراو" بە مانای ئەوە بێت کە دراوەتە تاقە عەقڵێك کە ڕاستەوخۆ ئەو گرفتە چارەسەر دەکات کە لەڕێگەی ئەو "داتا"یانەوە خراونەتەڕوو.

بەڵکو گرفتێکە تایبەتە بە چۆنیەتی زامنکردنی باشترین بەکارهێنانی سەرچاوە زانراوەکان بۆ هەریەکە لە ئەندامانی کۆمەڵگا، بۆ مەبەستگەلێك کە گرنگی ڕێژەییان تەنها ئەو تاکانە دەیزانن. یان، بەکورتی، بریتییە لەگرفتی بەکاربردنی زانین کە نەدراوەتە هەمووان بەگشتی.

پێدەچێت خاسیەتی گرفتە بنەڕەتییەکە تەمومژاویکرابێت لەبری ئەوەی رونکرابێتەوە لەڕێگەی زۆرێك لەو چاکسازیانەی لەم دواییەدا لە تیۆرە ئابورییەکاندا کراون، بە تایبەتی بەهۆی زۆر بەکارهێنانی بیرکارییەوە.

هەرچەندە ئەو گرفتەی من دەمەوێت بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵەی لەتەك بکەم لەم نوسینەدا بریتییە لە گرفتی رێکخستنی عەقڵانی ئابوریی، کە لەو ئاراستەیەدا چەندجارێك دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی ئاماژە بەو پەیوەندییە نزیکەی بدەم لەگەڵ چەندین مەسەلەیەکی میتۆدی دیاریکراودا.

زۆرێك لەو خاڵانەی دەمەوێت پێیانبگەم لە راستیدا دەرئەنجامن کە بە ئاراستەیاندا رێگە جۆراوجۆرەکانی موناقەشەی عەقڵی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چونەتەوە سەریەك.

بەڵام، وەك ئەوەی ئێستا ئەو گرفتانە دەبینم، ئەمە لەخۆوە روینەداوە. وا دێتە پێشچاوی من کە ناکۆکییەکانی ئەمدواییە لەبارەی هەردوو تیۆرەی ئابوری و سیاسەتەکانی ئابوریی هەردوو ریشەی هاوبەشیان هەیە لەو بەهەڵە تێگەیشتنەی هەیە لەبارەی سروشتی گرفتی ئابوری کۆمەڵگاوە.

ئەم بەهەڵە تێگەیشتنە لەلای خۆیەوە دەرئەنجامی گۆڕینی بەهەڵەی خووی بیرکردنەوە کە ئێمە لە مامەڵەکردنماندا لەگەڵ دیاردەکانی سروشتدا گەشەمانپێدا، گۆڕینی بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی.

## 2

لە زمانی ئاساییدا، مەبەستمان لە بەکارهێنانی وشەی "پلاندانان" بریتییە لە وەسفکردنی دەستەیەکی وابەستە لە بڕیار لەبارەی تەرخانکردنی سەرچاوە (ئەو مادە و کەلوپەلانەی کە دەبنە مایەی دروستکردنی سامان) فەراهەمەکانەوە. هەر چالاکییەکی ئابوری بەم مانایەی بریتییە لە پلاندانان. لەهەر کۆمەڵگایەکدا کە تێیدا زۆربەی خەڵك هاریکاری دەکەن، ئەم پلاندانانە، هەر کەسێك بیکات، بە گوێرەی هەندێك پێوەر دەبێت لەسەر بنەمای زانین بێت. زانینێك کە لە سەرەتاوە نەدراوە بە کەسی پلاندانەر بەڵکو دراوە بەکەسێکی دیکە، کە پێویستە بەشێوەیەك لە شێوەکان بخرێتە بەردەستی پلاندانەر.

ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی کە لە ریگەیانەوە زانین دەخرێتە بەردەستی ئەو کەسانەی کە پلاندانانەکانیان لەسەر بنەمای ئەو زانینانەیە، گرفتی سەرەکی هەر تێورەیەکە کە پرۆسەی ئابوری راڤە دەکات. هەروەها گرفتی ئەوەی کە ئایا کامە باشترین رێگەیە بۆ خستنەکارو بەکارهێنانی زانین کە لە بنەڕەتدا پەرتوبلاوکراوەتەوە بەسەر سەرجەم خەڵکیدا، بەلایەنی کەمەوە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی سیاستیکاری ئابوری، یان نەخشەسازی سیستەمێکی ئابوری کارا.

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بە نزیکی پەیوەستە بەو پرسیارەوە کە لێرەدا قوتدەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە: ئەو کەسە کێیە کە پلاندادەرێژێت. هەموو ئەو ناتەباییەی لەبارەی "پلاندانانی ئابوری"یەوە لە ئارادایە لە دەوری ئەو پرسیارە چەقیان بەستوە.

ناتەباییەکە لەوەدا نیە کە ئایا پێویستە پلاندانان هەبێت یان نا. بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پێویستە پلاندانان ناوەندی بێت، لەلایەن یەك دەسەڵاتەوە ئەنجامبدرێت لەبارەی سەرتاپای سیستەمی ئابورییەوە. یان پێویستە دابەشبکرێت لە نێوان چەندین تاکدا.

پلاندانان بە مانا وردەکەی کە زارەوەکەی تێدا بەکاردێت لە مشتومڕی هاوچەرخدا بە زەرورەت بە مانای پلاندانانی ناوەندی دێت: ئاراستەکردنی سەرتاپای سیستەمی ئابوری بەگوێرەی یەك پلانی یەکانگیرەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، پێشبڕکی لەلای زۆر کەس بەمانای پلاندانانی لەناوەندخراو (decentralized)دێت. شوێنێکیش لەو نێوەندادا هەیە کە زۆر کەس باسی لێوە دەکەن و کەم کەسیش بەدڵیانە کاتێك دەیبنن، ئەویش بریتییە لە راسپاردنی هەندێك پیشەسازی رێکخراو بۆ ئەوەی بە ئەرکی پلاندانان هەڵبستن، ئەمەش بە مانایەکی دیکە، واتە قۆرغکردن (monopoly).

راستی ئەوەی کام لەو سیستەمانە زیاتر کارا دەبێت، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو مەسەلەیە دەبەستێت کە ئایا لە سایەی کامیاندا چاوەڕوانی ئەوە دەکەین ئەو زانینەی لە بوندایە بە باشترین و پڕاوپڕترین شێوە بەکار دەهێنرێت. دەرئەنجام ئەمەش پشت بەوە دەبەستێت کە ئایا تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە سەرکەوتوو بین لەوەی کە هەموو ئەو زانینانەی کە پێوستن بەکار بهێنرێن و بەسەر تاکە جیاوازەکاندا پەرتوبلاوکراونەتەوە، بخەینە بەردەستی تاقە دەسەڵاتێکی ناوەندی. یاخود تا چەند سەرکەوتوو بین لەوەی ئەو زانینە زیادانە بدەین بە تاکەکان کە پێویستیان پێیەتی تاوەکو بتوانن پلانەکانیان لەگەڵ پلانەکانی ئەوانیتردا بگونجێنن.

3

یەکسەر ئەوە روون و ئاشکرا دەبێت کە لەم خاڵەدا پێگەکە جیاواز دەبێت بەگوێرەی جۆرە جیاوازەکانی زانین. وەڵامی پرسیارەکەشمان پشتدەبەستێت بە گرنگی رێژەیی جۆرە جیاوازەکانی زانین. ئەو زانینانەی ئەگەری زیاتریان هەیە لەبەردەستی تاکە کەسی دیاریکراودا بن، ئەوانەشی کە پێویستە ئێمە زۆر بە متمانەوە چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکەین لە بەردەستی دەستەڵاتێکدا بن کە لەو شارەزایانە پێکهاتووە کە بە گونجاوی دەستنیشانکراون.

ئەگەر لە رۆژگاری ئەمرۆماندا بە شێوەیەکی بەرفراوان وایبۆدەچین کە ئەمەی دواییینیان لە پێگەیەکی باشتردایە، لەبەر ئەوەی یەك جۆر لە زانین، مەبەست لە زانینی زانستییە، جێگەیەکی زۆر دیاری داگیرکردوە لە خەیاڵی جەماوەردا کە ئێمە بەرەو ئەوە دەچین لەبیری بکەین کە ئەوە تەنها جۆر نیە کە پەیوەندی بەمەسەلەکەوە هەیە.

لەوانەیە دانبەوەدابنرێت، لەوەی کە پەیوەندی بە زانینی زانستییەوە هەیە، کە دەستەیەك لە شارەزایی بە گونجاوی هەڵبژێدراو لەوانەیە لە باشترین پێگەدابن بۆ ئەوەی سەرجەمی باشترینی زانینە فەراهەمەکانیان لەژێردەستدا بێت. هەرچەندە ئەمە بێگومان بە روونی سەختیی مەسەلەکە دەگوازێتەوە بۆ گرفتی هەڵبژاردنی شارەزایان.

ئەوەی کە خوازیارم دەستنیشانی بکەم ئەوەیە کە، تەنانەت واشیدابنێین کە ئەم گرفتە دەکرێت بە حازری چارەسەربکرێت، بریتییە لە بەشێکی بچوکی گرفتێکی گەورەتر.

لە رۆژگاری ئەمرۆدا، تەنانەت کفرە ئەگەر ئاماژە بەوە بکەیت کە زانینی زانستی بریتی نیە لە کۆی هەموو زانینەکان. بەڵام ئەگەر کەمێك وردبینەوە دەردەکەوێت کە بەبێگومان دەستەیەك لە زانینی زۆر گرنگ، بەڵام نەزانراو، هەن کە بواری تێدانیە بە زانستی ناوبرێن بەمانای زانینی یاسا گشتییەکان: زانینی هەلومەرجێکی دیاریکراوی کات و شوێن.

ئەویش بەگوێرەی ئەمەی کە بەشێوەیەکی پراکتیکی هەر تاکێك برێك لە پێشینەیی هەیە بەسەر هەموو ئەوانی دیکەدا لەبەر ئەوەی ئەو کەسە زانیاری دانسقەی هەیە کە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ مەبەستی قازانج. بەڵام بەکارهێنانی تەنها دەتوانرێت لە بارێکدا روبدات ئەگەر بێت ئەو بڕیارانەی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییەوە دەدرێن لەلایەن خۆیەوە بدرێن، یاخود بە هاریکاری چالاکانەی خۆی بدرێن.

پێویستە تەنها ئەوەمان لەبیربێت کە بواری ئەوەی هەیە چەند فێربیین لە هەر پیشەیەکدا پاش ئەوەی راهێنانە تیۆرییەکان تەواودەکەین. بەشێکی چەند گەورە لە ژیانی کارکردنمان سەرفدەکەین لە فێربوونی ئیشێکی دیاریکراودا. و چ خاسیەتێکی بەهادارە لە رێڕەوی ژیاندا کە زانین هەبێت لەبارەی خەڵك و بارودۆخی ناوخۆیی و هەلومەرجە تایبەتەکانەوە.

زانین و بەکارخستنی ئامێرێك کە بە پڕاوپڕی بەکارنەهاتوە، یان توانا و کارامەییەکانی کەسێك کە دەکرێت باشتر بەکاربهێنرێن، یان ئاگاداربوون لە هەبوونی عەمباری کەلوپەلی بەکارنەهێنراو (ئەو کەلوپەلانەی بەرهەمهێنراون بۆ کارێکی دیاریکراو، بۆ نمونە بۆ سوپا و سەربازەکان، هەرگیز بەکار نەهێنراون بە نرخی هەرزان دەفرۆشرێن) کە دەکرێت پشتی پێببەسترێت لە کاتی کەمووکورتی لە دابینکردنی کەلوپەلدا، ئەمانە هەموو لەروی کۆمەڵایەتییەوە هەمان سودیان هەیە وەك زانینی تەکنیکی جێگرەوەی باشتر.

ئەوە راستییەکی سەیرە کە ئەم جۆرە لە زانین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی گشتی بە چاوی رازیبوونەوە تەماشابکرێت، و هەر کەسێك کە بەهۆی زانینی لەم جۆرەوە سودێکی دەستبکەوێت بەسەر کەسێکی دیکەدا کە پرچەکترە لەڕوی زانینی تیۆری و تەکنیکییەوە وا تەماشادەکرێت کە تا رادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی ناشەریفانە کردویەتی.

دەستکەوتنی سودی زیاتر لە زانینی باشتری کەلوپەلەکانی پەیوەندیکردن و گواستنەوە بە شتێکی ناشەریفانە دادەنرێت، هەرچەندە گرنگییەکەی بەقەدەر گرنگی بەکارهێنانی دوایین دۆزینەوەکانی زانستە کە کۆمەڵگا باشترین فرسەتەکانی بەکاردەهێنێت.

ئەم دژایەتییە پێشوەخت ئامادەیە بە گوێرەی پێوەرە بەرچاوەکان کاریکردۆتە سەر هەڵوێستمان بەرامبەر بازرگانی بەشێوەیەکی گشتی بەبەراورد لەگەڵ کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان. تەنانەت ئەو ئابورینا‌سانەش کە خۆیان وا دێتە بەرچاو کە بەتەواوی بەرگری ناوەخۆییان هەیە لەدژی لەرێگەلادەرە مەترياليیە خاوەکانی رابردوو، ئەوانە بەردەوام هەمان هەڵە دوبارەدەکەنەوە لەوەی کە پەیوەندی هەیە بە دەستکەوتنی ئەو زانینە پراکتیکییانەوە. پێدەچێت لەبەر ئەوەبێت کە لە سیستەمی شتەکانی لای ئەواندا هەموو زانینێك وا پێشبینی دەکرێت کە "بەخشراو" بێت.

ئایدیا هاوبەشەکە ئێستا پێدەچێت ئەوە بێت کە سەرجەمی زانینی لەو جۆرە پێویستە بەزەرورەت بە ئامادەیی لە بەردەستی هەمواندابێت. ئەو رێبازە ناعەقڵانییەی کراوەتە دژە هاوتا لەبەرامبەر رێکخستنی ئابوریدا بەردەوام لەسەر بنەمای ئەو راستییە بەندە کە بەو شێوەیە فەراهەم نیە.

ئەم دیدە ئەو راستییە فەراموشدەکات کە ئەو میتۆدەی بەهۆیەوە زانینی لەم جۆرە هەتا دەکرێت بەشێوەیەکی بەرفراوان فەراهەمبکرێت بەوردی ئەو گرفتەیە کە پێویستە لەسەرمان وەلأمێکی بۆ بدۆزینەوە.

4

ئەگەر لە رۆژگاری ئەمڕۆدا باوە کە گرنگی زانینی هەلومەرجێکی تایبەتی کات و شوێن بچوکبکەینەوە، ئەمە بە شێوەیەکی زۆر نزیك وابەستەیە بە گرنگییە بچوکترەکەوە کە لە ئێستادا لە پای ئەوەدایە بەهەمان شێوە بگۆڕدرێت.

لەراستیدا، چەند خاڵێك هەن کە گریمانەکەیان لەسەر بنیاتنراوە (زۆرجار بەشاراوەیی) لەلایەن "پلاندانەرانەوە" جیاوازن لەوانەی کە لەلایەن دژەکانیانەوە دانراون تا ئەو رادەیەی لەروی گرنگی و زۆری گۆڕانەوە کە دەبنە مایەی ئەوەی گۆڕانکاری لە دەرئەنجامدا لە پلانەکانی بەرهەمهێناندا پێویست بن.

بێگومان ئەگەر بێت و پلانە ئابورییەکان ماوەیەکی تارەدەیەك درێژ پێشوەخت دابنرێن و پاشان بەتەواوی پەیڕەوبکرێن، تاوەکو هیچ بڕیارێکی دیکەی ئابوری پێویست نەبێت، ئەوکات ئەرکی کێشانی پلانێکی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی هەموو چالاکییە ئابورییەکان زۆر کەمتر جێگەی دڵەڕاوکێ دەبێت.

پێدەچێت شایانی ئەوە بێت تیشك بخەینە سەر ئەوەی کە گرفتە ئابورییەکان هەردەم و بەتەنها لە دەرئەنجامی گۆڕانەوە سەرچاوەدەگرن. تا ئەو کاتەی شتەکان وەك پێشووی خۆیان بمێننەوە، یان بەلایەنی کەمەوە تا ئەو رادەیەی چاوەڕوانیان لێدەکرا، هیچ گرفتێك سەرهەڵنادات کە پێویستی بە بڕیاردان هەبێت، هیچ پێویست نیە پلانی نوێ دابڕێژرێت.

ئەو بڕوایەی کە گۆڕان، یان بەلایەنی کەمەوە گونجاندنی رۆژانە، وایان لێهاتوە کەمتر گرنگبن لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەو ناکۆکییە ناوخۆییە لە خۆ دەگرێت کە گرفتە ئابورییەکان بەهەمان شێوە وایان لێهاتوە گرنگییان کەمبێتەوە. ئەم بڕوابونە بە کەمبونەوەی گرنگی گۆڕان، لەبەر ئەو هۆیە، زۆرجار بڕوای هەمان ئەو کەسانەیە کە دەڵێن گرنگی بەهێندەوەرگتنە ئابورییەکان خراونەتە لاوە بەهۆی گرنگی هەڵکشاوی زانینی تەکنەلۆجییەوە.

ئایا راستە کە، لەگەڵ شێوازی قەشەنگی بەرهەمهێنانی هاوچەرخدا، بڕیاری ئابوری تەنها لە کاتی پچڕانە درێژەکاندا پێویستە. وەك ئەوەی کاتێك کارگەیەکی نوێ لە دروستکردندایە، یان پرۆسەیەکی نوێ لە هاتنەکایەوە دایە؟ ئایا راستە، هەر کە کارگەیەك دروستکرا، ئەوەی کە ماوە کەم تا زۆر

میکانیکییە، و بە گوێرەی خاسیەتی کارگەکە دیاریدەکرێت، و هیچ بوارێك بۆ گۆڕان ناهێڵرێتەوە لە کاتی پەیڕەوکردنی هەلومەرجی بەردەوامگۆڕاوی ساتدا؟

ئەو بڕوایەی تارادەیەکی زۆر بەربڵاوە لە نێو ئەوانەدا کە داکۆکی لە بیرۆکەکە دەکەن، تا ئەو رادەیەی من بیزانم، لە ئەنجامی ئەزمونی پراکتیکیی پیاوانی بیزنیسەوە یەکلایی نەکراونەتەوە. لە پیشەسازییەکی کێبرکدا بە هەر شێوەیەك بێت (و پیشەسازی لەو جۆرە بەتەنها دەتوانرێت وەك تاقیکردنەوە بەکاربهێنرێت) ئەرکی رێگرتن لە بەرزبونەوەی تێچوون پێویستی بە خەباتی بەردەوام هەیە، کە بڕێکی زۆری وزەی بەڕێوەبەرەکە دەبات.

تا چەند ئاسانە بۆ بەڕێوەبەرێکی ناکارامە کە ئەو کارا جیاکەرەوانەی قازانجکردنی لەسەر بەندە پەرتوبڵاوبکاتەوە، و لەباریشە، بە هەمان کەلوپەلە تەکنیکییەکان، کە بتوانیت بەرهەمبهێنێت بە هەمەجۆری تێچونەوە، لەو کارە باوانەی ناو پیشەی بیزنسە کە پێناچێت بە شێوەیەکی یەکسان ئاشنا بن لە لێکۆڵێنەوەکانی ئابوریناسدا.

هێزی ئەو خواستەی، کە بەردەوام بەرهەمهێنەران و ئەندازیاران باسی دەکەن، کە رێگەپێدراوبیت بەبێ رێگریی لەبەرچاوگرتنی تێچونی پارەوە بەردەوامبیت، بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی قەشەنگ تا ئەو رادەیەی ئەو فاکتەرانە دەکەونە کاری رۆژانەی خۆیان.

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی ئابوریناسان بەردەوام مەیلی ئەوەیان هەیە گۆڕانە بچوکە بەردەوامەکان لەبیربکەن کە سەرجەمی دیمەنی ئابوری پێکدەهێنێت، پێدەچێت بریتیبێت لە سەرقاڵبونی روو لە زیادبوویان بە کۆی سەرجەمە ئامارییەکانەوە، کە بڕیکی زۆر زیاتری جێگیریی دەردەخات وەك لە جوڵەکانی وردەکاریی. لەگەڵ ئەوەشدا، جێگیریی بەراوردکاری سەرجەمەکان ناتوانێت حسابی بۆ بکرێت (کە هەندێك جار ئامارکاران کە پێدەچێت بیانەوێت بیکەن) بە گوێرەی "یاسای ژمارەی گەورە" یان قەرەبوکردنەوەی هاوبەشی گۆڕانە هەرەمەکییەکان. ژمارەی ئەو یەکانەی کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین هێندە گەورە نین تاوەکو ئەو هێزە رێکەوتییانە جێگیری بەرهەمبهێنن.

شەپۆلی بەردەوامی کاڵا و خزمەتگوزایی دەهێڵرێتەوە  بەهۆی گونجاندنی ویستراوی بەردەوامەوە، بەهۆی ئەو رێگەچارە نوێیانەوە کە رۆژانە دەگیرێنەبەر لەبەر رۆشنایی ئەو هەلومەرجانەدا کە رۆژی پێشوتر نەزانرابوون، بەهۆی هاتنەناوەوەی (ب) کاتێك (أ) فەشەلی هێنا لە ئەنجامدانی شتەکەدا. تەنانەت کارگە گەورە و پرئامێرەکەش بەردەوام دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی بنەمای بارودۆخێك لە سایەیدا دەتوانێت حساب بۆ هەموو جۆرەکانی پێداویستییە نەبینراوەکان بکات. وەك پارچەی

چاککردنی سەقف، دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ فۆرمەکانی، و هەموو ئەو هەزار و یەك جۆرە لە ئامێر کە ناتوانن سەربەخۆ کاربکەن و پلانی کارەکانی کارگەکە ئەوە دەخوازێت کە ساز و ئامادە بێت لە بازاڕدا.

ئەمەش پێدەچێت ئەو خاڵە بێت کە پێویست دەکات بە کورتی باسی ئەو راستییەبکەم کە جۆری ئەو زانینەی کە من خولیای بووم ئەو جۆرەیە لە زانین کە بەپێ سروشتی خۆی ناچێتە بواری ئامارەوە و بەو پێیەش ناتوانرێت لە شێوەی ئامارییدا بدرێتە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی. ئەو ئامارانەی کە دەسەڵاتی ناوەندی لەو جۆرە دەتوانێت بەکاری بهێنێت پێویستە بە شێوەیەکی زۆر وردەکارییانە دەرهێنرابێت لەڕێگەی بەتاڵکردنەوەی لە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی جیاوازی بچوکەوە لەنێوان شتەکاندا، پێکەوە کۆکردنەوەیان، وەك سەرچاوەی هەمان چەشن، بابەتگەلێك کە لەڕوی جێگە و چۆنایەتی و تایبەتمەندێتی دیکەوە جیاوازن، بەشێوەیەکی کە لەوانەیە زۆر ئاشکرابن بۆ بڕیارێکی دیاریکراو.

لەمەشەوەیە کە پلانی ناوەندی (سیستەمی ئابوری بلۆکی سۆشیالیستی کە تێیدا حکومەت سەرجەمی سیستەمی ئابوری ئاراستەدەکات و دەبات بەڕێوە) پشتبەستوە بە زانیاری ئاماریی بە گوێرەی سروشتی خۆی ناتوانێت حسابی راستەوخۆ بۆ هەلومەرجەکانی کات و شوێن بکات و پلاندانەری ناوەندی پێویستی دەبێت رێگەیەك بدۆزێتەوە  کە بەهۆیەوە ئەو بڕیارانەی پشتی پێدەبەستن بگەڕێنەوە بۆ "ئەو کەسی لەو شوێنەدایە"

## 5

ئەگەر رێکبکەوین لەسەر ئەوەی گرفتی ئابوری کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە گرفتی گونجاندنی پەلە لەگەڵ گۆڕانەکاندا لە هەلومەرجی کات و شوێنی دیاریکراودا، پێدەچێت بمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی پێویستە جێبهێڵرێت بۆ ئەو کەسانەی کە ئاشنان بەو هەلومەرجانە. کەسانێك کە راستەوخۆ ئەو گۆڕانە پەیوەندیدارانە دەزانن و ئەو سەرچاوانەش دەزانن کە خێرا ئامادە دەبن بۆ هێناندی ئەو گۆڕانانە.

ئێمە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەم گرفتە چارەسەر دەبێت یەکەم شت گەیاندنی هەموو ئەم زانیارییانە بە دەستەیەکی ناوەندی کە، پاش تێکهەڵکێشکردنی هەموو زانینەکان، فەرمانی خۆی دەردەکات. پێویستە ئەم گرفتە بە شێوەیەك لە شێوەکانی لە ناوەندخستن (decentralization) چارەسەربکەین. بەڵام ئەمە تەنها وەڵامی بەشێك لە گرفتەکانمان دەداتەوە. پێویستمان بە لەناوەندخستنە لەبەرئەوەی تەنها ئەوەدەم دەتوانین زەمانەتی ئەوە بکەین کە زانینی هەلومەرجێکی دیاریکراوی کات و شوێن بە شێوەیەکی گونجاو بەکاردەهێنرێن.

بەڵام "پیاو لە شوێنی خۆی" ناتوانێت بەتەنها بڕیاربدات لەسەر بنەمای زانینە ئازیزەکانی بەڵام لەهەمان کاتدا سنوردارە لە بارەی ئەو راستییانەی کە لە دەوروبەرە نزیکەکەی خۆیین. هێشتاش گەیاندنی ئەو زانیارییە زیاترانە وەك گرفتێك دەمێنێتەوە ئەو زانیارییانەی کە پێویستی پێیانە بۆ گونجاندنی بڕیارەکانی لەگەڵ سەرجەمی کلێشەکانی گۆڕانی سیستەمە ئابورییە کشتییەکەدا.

پێویستی بە چەند لە زانین هەیە تا بتوانێت ئەو شتە بە سەرکەوتویی ئەنجامبدات؟ کام لەو روداوانەی کە لەودیو ئاسۆی زانینی راستەوخۆی ئەوەی روودەدەن پەیوەندی و گرنگاییان هەیە لە بڕیارییە راستەوخۆکەیدا، و پێویستیشییەتی چەندێك لەوانە بزانێت؟

زۆر زەحمەتە شتێك هەبێت لە هەرجێگەیەکی ئەم دنیایەدا روبدات و ئەگەری ئەوەی نەبێت کە کاربکاتە سەر ئەو بڕیارەی کە ئەم دەبێت بیدات. بەڵام پێویستیەتی ئەو روداوانە وەك خۆیان بزانێت، نەوەك سەرجەمی کاریگەرییەکانیان. بۆ ئەو گرنگ نیە بزانێت بۆچی لە ساتێکی دیاریکراودا بڕێکی زیاتری قەبارەیەکی برغو زیاتر پێویستە لە قەبارەیەکی دیکە، بۆچی زەرفی کاغەز زۆرتر لەبەردەستە وەك لە زەرفی کانڤاس، یان بۆچی وەستا، یان ئامرازی دیاریکراوی ئامێر لەم ساتەدا زۆر بە زەحمەت دەستدەکەون.

هەموو ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە ئەوەیەی کە تا چەند، زۆرتر یان کەمتر، بەدەستهێنانیان قورسبووە بە بەراورد لەگەڵ شتی دیکەدا کە جێگەی بایەخی ئەون. یان تا چەند، زۆرتر یان کەمتر، ویستی بەپەلە هەیە بۆ ئەو شتە جێگرەوانەی کە ئەو بەرهەمیان دەهێنێت یان بەکاریاندەهێنێت.

هەمیشە مەسەلەی گرنگی رێژەیی شتە دیاریکراوەکانە کە جێگەی بایەخی ئەون، و ئەو هۆکارانەش کە گرنگی رێژەییان دەگۆڕن هیچ جێگەی بایەخی ئەو نین لەودیو کاریگەرییان لەسەر ئەو شتە بەرجەستانەی کە لە ژینگەکەی خۆیدان.

لەم پەیوەندییەدایە ئەوەی پێشتر ناومبرد بە "حساباتی ئابوری" یارمەتیمان دەدات، بەلایەنی کەمەوە لەڕێگەی بەراوردەوە، تا بزانین چۆن ئەم گرفتە چارەسەردەکرێت، لە راستیشدا چارەسەرکراوە، لەلایەن سیستەمی نرخەوە.

تەنانەت تاقە عەقڵی کۆنترۆڵکەریش، کە سەرجەمی ئەو داتایانەی لەژێر دەستدایەی کە بۆ سیستەمێکی ئابوری بچوکی سەربەخۆ دەبن، ناتوانێت (هەرکاتێك پێویستبکات گونجاندنێکی بچووك لە تەرخانکردنی سەرچاوەدا ئەنجامبدرێت)  بەتەواوی بە هەموو ئەو پەیوەندیانەدا بچێتەوە کە لە نێوان ئامراز و ئامانجدا هەیە کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کاری تێبکرێت.

لەراستیدا ئەوە بەشداریکردنی مەزنی لۆجیکی رووتی هەڵبژاردنە کە توانیویەتی  ئەو دەرئەنجامە بخاتەڕوو کە تەنانەت ئەو تاقە عەقڵەش دەتوانێت گرفتی لەم جۆرە چارەسەربکات بەتها لەڕێگەی دروستکردن و بەکارهێنانی بەردەوامی ڕێژەکانی یەکسانیبونەوە (یان "بەهاکان" یان "ڕێژەی لاوەکی جێگرتنەوە") . بەواتایەکی دیکە، لەڕێگەی لکاندنی ژمارەیەکی لیستی بۆ هەر جۆرێك لە سەرچاوە کەمەکان، ژمارەیەکی کە ناکرێت لەڕێگەی هیچ یەکێك لەو خاسیەتانەی کە ئەو شتە تایبەتە هەیەتی وەربگیرێت. بەڵام ڕەنگدەداتەوە لە، یاخود چڕدەبێتەوە لە، لە بایەخداریی سەرجەمی بونیادی (ئامراز-ئامانج) دا

لە هەر گۆڕانێکی بچوکدا، پێویستە تەنها ئەو لیستە چەندایەتییانە وەربگرێت (یان بەهایانە) کە تێیاندا هەموو زانیارییە پەیوەستەکان چڕکراونەتەوە. هەروەها، لەڕێگەی گونجاندنی یەکە بە یەکەی بڕەکان، دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دوبارەڕێکخستنەوەی کۆنترۆڵی خۆی بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەرجەمی مەتەڵەکی ئاب ئینیشیۆ (ئامرازێکە بەکاردێت بۆ بەکارهێنانی داتا) یان بەبێ ئەوەی لە هیچ قۆناغێکدا پێویست بەوە بکات لەهەمان کاتدا هەمووی ڕوپێو بکەیت و بەهەموو دەرەئەنجام و دەرکەوتەکانیەوە.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی، لە سیستەمێکدا کە زانیاری لەبارەی ڕاستییە پەیوەندیدارەکانەوە لە نێو خەڵکێکی زۆردا بڵاوبوبێتەوە، نرخەکان دەتوانن کاربکەن بۆ ڕێکخستنی کردارە لەیەك دابڕاوەکانی خەڵکی جیاجیا بەهەمان ئەو شێوەیەی کە بەها بابەتییەکان یاریدەی تاك دەدەن بۆ ڕێکخستنی بەشەکانی پلانەکەی.

شایانی ئەوەیە بۆ ساتێك تێڕامانبکەین لە نمونەیەکی زۆر باو و زۆر  سادەی کردەی سیستەمی نرخەکان بۆ ئەوەی ببینین بە وردی چی بەدەستدەهێنێت. وایدابنێ لە شوێنێکی دنیادا هەلێکی نوێ بۆ بەکارهێنانی مادەی خاو دێتە کایەوە، با بڵێن تەنەکە، یاخود یەکێك لە سەرچاوەکانی دابینکردنی تەنەکە لەکارخراوە. بۆ مەبەستەکەی ئێمە هیچ ناگۆڕێت (زۆر گرنگیشە کە هیچ ناگۆڕێت) کە ئایا کام لەم دوو هۆکارە بونەتە مایەی ئەوەی تەنەکە کەمتربێتەوە.

هەموو ئەو شتەی بەکارهێنەرانی تەنەکە پێویستیانە بیزانن ئەوە کە بەشێك لەو تەنەکەیەی کە پێشتر ڕاهاتبوون لەسەر بەکارهێنانی ئێستا بە شێوەیەکی زیاتر قازانجبەخش لە شوێنێکی دیکە بەکاردێت، و دەرئەنجامیش، پێویستە ئیقتیسادی بکەن لە بەکارهێنانی تەنەکەدا.

هیچ پێویستییەك نیە بۆ زۆربەیان تەنانەت بزانن لە چ شوێنێك پێداویستی لەناکاو سەریهەڵداوە، یان لە خزمەتی کام لە پێداویستییەکانی دیکەدا لەسەریانە دەستبگرن بە دابینکردنەوە.

ئەگەر بەتەنها هەندێکیان راستەوخۆ بە داواکارییە نوێیەکە بزانن، و سەرچاوەکانیان ئاراستەی بکەن. هەروەها ئەگەر ئەو خەڵکانەی ئاگاداری کەلێنە نوێیەکەن کە دروستبوە دەتوانن بە سەرچاوەی دیکە پڕیبکەنەوە، کاریگەرییەکە بە شێوەیەکی خێرا بە سەرجەمی سیستەمی ئابوریدا بلاّودەبێتەوە و کاردەکاتە سەر نەك بەتەنها هەموو بەکارهێنانەکانی تەنەکە، بەڵکو کاریش دەکاتە سەر جێگرەوەکانی تەنەکە و جێگرەوەی ئەو مادانەی کە جێگەی تەنەکەیان گرتۆتەوە، دابینکردنی هەموو ئەو شتانەی لە تەنەکە دروستکراون و جێگرەوەکانیان هتد.

گشت وەك یەك بازاڕ کاردەکات، نەك لەبەر ئەوەی یەکێك لە ئەندامەکانی روپێویی سەرجەمی بوارەکەی کردوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بواری بینی سنورداری تاکەکەسییان بەشێوەیەکی پێویست بەیەکدا دەچن بۆ ئەوەی لەڕێگەی چەندین نێوەندەوە زانیارییە پەیوەستەکان بگەیەنرێت بە هەمووان.

راستی ئەوەی کە تەنها یەك نرخ هەیە بۆ هەر کەلوپەلێك (یاخود بڵێن نرخە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی پێکەوە بەستراون کە بە تێچوونی کواستنەوە و هتد دیاریدەکرێن) ئەو چارەسەرە دێنێتە ئاراوە کە (بەشێوەیەکی چەمکیی لەبارە رووبدات) دەکرێت لەلایەن تەنها عەقڵێکەوە پێکرابێت کە هەموو ئەو زانیاریانەی لەلایە کە لە راستیدا لەنێو هەموو ئەو خەڵکانەدا بلاّو کە لە پرۆسەکەدان.

6

پێویستە تەماشای سیستەمی نرخ بەو شێوەیەی بکەین کە میکانیزمێکە بۆ گەیاندنی زانیاری، ئەگەر بمانەوێت لە وەزیفەی راستەقینەی تێبگەین. وەزیفەیەك کە، بێگومان، کەمتر بە کاملی دەیهێنێتە دی ئەو کاتەی کە نرخ زیاتر دەچەسپێت.

(تەنانەت کاتێك نرخی دانراو زۆریش جێگیر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێزانەی کە کاردەکەن لە کاتی گۆڕانی نرخدا، بەردەوام دەبن لە کارکردن بۆ رادەیەکی دیار لە کاتی گۆڕانی مەرجەکانی دیکەی پەیمانەکەدا.)

هەردیارترین راستی لەبارەی ئەم سیستەمەوە بریتییە لە ئابوری ئەو زانینەی کە بەهۆیەوە کاردەکات. یاخود تاکە بەشدارەکان پێویستییان بە زنیاری زۆر کەم هەیە تاوەکو بتوانن بڕیاری راست بدەن.

بەشێوەیەکی کورتکراوە، بە جۆرێك لە هێما، تەنها زانیارییە سەرەکییەکان دەگوازرێنەوە و تەنها بۆ ئەوانەش دەگوازرێنەوە کە مەبەستیانە. لە میتافۆرێك زیاترە سیستەمی نرخ بە جۆرێك لە ئامێری تۆمارکردنی گۆڕانەکان بشوبهێنین. یان بە سیستەمێك لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان کە وا لە بەرهەمهێنەرە تاکەکەسەکان دەکات بەتەواوی چاودێری جوڵی چەند ئاماژەیەکی کەم بکەن. وەك ئەوەی

ئەندازیارێك چاودێری چەند ژمارە لێدانێك بکات کە لە پێناوی ئەوەی چالاکییەکان لەگەڵ گۆڕانەکاندا بگونجێنێت کە پێدەچێت هەرگیز نەیزانن زیاتر لەوەی لە جوڵەی نرخەکاندا رەنگی داوەتەوە.

بێگومان رێگەی تێدەچێت ئەم گونجاندنانە هەرگیز "کامڵ" نەبن بەو مانایەی کە ئابوریناش لێیان تێدەگات لە شیکاریی هاوکێشەییدا. بەڵام ترسی ئەوەم هەیە کە خوە تیۆرییەکانمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتەکەدا بە گریمانەی کەم تا زۆر هەبوونی زانینی کامڵ لەلایەن هەموانەوە وایلێکردوین تا رادەیەك چاوبەستە ببین لە ئاستی ئەرکی راستەقینەی میکانیزمی نرخ و گەیاندوینیەتە ئەو ئاستەی کە ستانداردی چەواشەکار بەکاربهێنین لە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییبونیدا.

سەرسوڕمانەکە ئەوەیە کە لە باری لەم جۆرەی کەمبونەوەی یەکێك لە مادە خاوەکان، بەبێ ئەوەی بڕیارێك دەرچوبێت، بەبێ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵك هۆکارەکەی بزانن، دەیان هەزار کەس کە دیاریکردنی شوناسیان چەندین مانگی دەوێت بۆ لێکۆڵینەوە، دەتوانن ئەو مادەیە یان یەکێك لە بەرهەمەکانی زیاتر ئیقتیسادیانە (یقتیسادیکرن واتە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی شتێك لەبەر کەمی شتەکە یان بەرزبونەوەی نرخەکەی) بەکار بهێنن، واتە بە ئاراستەی دروستدا هەنگاو دەنێن.

ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سەرسوڕمان تەنانەت ئەگەر، لە دنیایەکدا کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەموو شتەکان لە یەك کاتدا و بە کاملی ناچن بەرێوە تاوەکو رێژەی قازانجکردنیان بەردەوام لە هەمان ئاستی نەگۆڕ یان "ئاسایی"دا بمێنێتەوە.

بە مەبەست وشەی "سەرسوڕمان"م بەکارهێنا تاوەکو خوێنەر لەو خەوخۆشییە راپەڕێنم کە پێیوایە بەردەوام کاری ئەم میکانیزمە باشە. من بڕوام وایە ئەگەر بهاتایەوە دەرئەنجامی کاری بەمەبەستی نەخشەی مرۆڤبوایە، و ئەگەر ئەو خەڵکەی کە گۆڕانەکانی نرخ رێنمایندەیانە وا تێبگەیشتنایە کە بڕیارەکانیان گرنگیەکی زۆر لە مەبەستە هەنوکەییەکانیان زیاتری هەیە، ئەم میکانیزمە وەك یەکێك لە مەزنترین سەرکەوتنەکانی هزری مرۆڤ تەماشادەکرا.

بەدبەختییەکەی دوو توێیە ئەویش ئەوەیە کە بەرهەمی خولقاندنی مرۆڤ نیە و ئەو خەڵکانەش کە بەهۆیەوە رێبەریدەکرێن نازانن بۆ ئەوشتانە دەکەن کە وایانلێکراوە بیکەن.

بەڵام ئەوانەی کە هاواری "ئاراستەکردنی هۆشیار"انە (و ئەوانەی کە ناتوانن بڕوا بەوە بهێنن کە شتێك هەیە پەرەی سەندوە بەبێ ئەوەی خولقێنرابێت (تەنانەت بەدەر لە تێگەیشتنی ئێمەش بۆی) لە توانایدایە ئەو گرفتانە چارەسەربکات کە ئێمە لە توانامانددا نیە بەئاگاییانە چارەسەریان بکەین) ئەو کەسانە پێویستە ئەمەیان لەبیر بێت: گرفتەکە بە وردی بریتییە لە چۆنیەتی بەرفراوانکردنی مەودای بەکاربردنی دەرەکی سەرچاوەکان بۆ ئەودیوی مەودای کۆنترۆڵی تاقە عەقڵێك. پاشان، چۆن بتوانین خۆ

لە کۆنترۆڵی هۆشیارانە و چۆن بتوانین ئەو قەنەعاتپێکردنە دابین بکەین کە وادەدات تاکەکان ئەو شتانە بکەن کە خواستیانە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك پێیان بڵێت چی بکەن.

ئەو گرفتەی لێرەدا روبەروی دەبیتەوە بە هیچ شێوەیەك بەتەنها تایبەت نیە بە ئابوریناسی بەڵکو بە نزیکەیی لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییە راستەقینەکاندا سەرهەڵدەدات، لە زماندا و لەگەڵ زۆربەی کەلتورە بۆ ماوەکانماندا. هەر ئەمەشە کە دەبێتە چەقی گرفتی تیۆری هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

هەر وەك ئەلفرێد وایتهێد وتویەتی "ئەمە راستییەك بە حەتمی هەڵەیە، کە لە لایەن زۆربەی کتێبە کۆپیکراوەکان و خەڵکە ناسراوەکانەوە کراوە کاتێك وتاریان خوێندۆتەوە، کە پێویستە خۆمان لەسەر بیرکردنەوە لەوەی کە دەیکەین رابهێنین. مەسەلەکە بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە. شارستانیەت پێشدەکەوێت لەرێی زیاکردنی ژمارەی ئەو کردەوە گرنگەکانەوە کە ئەنجامیان دەدەین بەبێ بیکردنەوە لێیان."

ئەمەش گرنگییەکی بەهێزی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیدا. ئێمە بەردەوام هاوکێشە و هێما و یاساکان بەکاردەهێنین کە لە ماناکانیان تێناگەین و لەرێگەی بەکارهێنانیانەوە سود بەخۆمان دەگەیەنین بە یارمەتی زانین کە ئێمە وەك تاکە کەس ئەو زانینانەمان نیە.

ئێمە ئەو کردەوە و دامەزراوانەمان دروستکردوە لە رێگەی بنیادنانی لەسەر بنەمای خوو و دامەزراوەکان کە سەرکەوتنی خۆیانیان لە بوارەکانیاندا سەلماندوە و دەرئەنجامیش بونەتە بناغەیەك بۆ ئەو شارستانیەتەی ئێمە بنیاتمان ناوە.

سیستەمی نرخ تەنها یەکێکە لەو دارشتانەی کە مرۆڤ فێریبوە بەکاربهێنێت (گەرچی هێشتا زۆر دورە لەوەی بتوانێت بەباشترین شێوە بەکاریبهێنێت) پاش ئەوەی بازی بەسەردا دا بەبێ ئەوەی لێیتێبگات.

بەهۆیەوە نەك بەتەنها دابەشبونی کار بەڵکو بەکاربردنێکی رێکخراوانەی سەرچاوەکان لەسەر بنەمای زانینێك کە بە یەکسانی دابەشکراوە ئەگەری رودانیان بۆ دروستبوو.

ئەو خەڵکانەشی حەزدەکەن گاڵتە بە هەر پێشنیارێك بکەن کە پێیوابێت ئەمە رەنگە راست بێت هەمیشە ئارگیومێنتەکە ئەو ئاقارەدا دەبن کە تۆمەتباری بکەن بەوەی کە دەیەوێت بڵێت لە رێگەی پەرجوویەکەوە ئەم جۆرە لە سیستەم لەخۆوە گەشەی کردوە کە زۆر گونجاوە بۆ شارستانیەت.

بەڵكو بە پێچەوانەوەیە: مرۆڤ توانیویەتی دابەشكردنی كار پەرەپێبدات كە شارستانیەتەكەمانی لەسەر بەندە لەبەر ئەوەی واریكەوت كە بە ڕێكەوت میتۆدێك بدۆزێتەوە كە وایلێكرد لەبار بێت. ئەگەر ئەوەی نەكردایە، ڕێگەی تێدەچێت كە شارستانیەتێكی تەواو جیاوازی دیكەی پەرەپێبدایە، یەكێك وەك "دەوڵەتی" مێرووله سپییەكان، یاخود جۆرێكی دیكەی لە ئەندێشەنەكراو.

تەنها دەتوانین بڵێین كە هیچ كەسێك تا ئێستا سەركەوتوو نەبوە لەوەی سیستەمێكی جێگیرەوە دابرێژێت كە تێیدا هەندێك خاسیەتی دیاریكراوی ئەم سیستەمەی ئێستا بهێڵرێتەوە كە ئازیزە لەلای تەنانەت ئەوانەش كە زۆر بە توندی هێرشیدەكەنەسەر- بە تایبەتی ئەو ڕادەیەی كە تاك دەتوانێت ڕێڕەوی خۆی هەڵبژێرێت و دەرئەنجامیش سەربەستانە زانین و كارامەییەكانی خۆی بەكاربهێنێت.

7

بە زۆر شێوە مایەی خۆشبەختییە كە ناكۆكی لەبارەی دەتبەردارنەبوون لە سیستەمی نرخ بە پێی حەر حساباتێكی عەقلانی لە كۆمەڵگایەكی ئاڵۆزدا ئێستا چیتر ناكۆكی نێوان ئەو سەنگەرانە نیە كە دیدی سیاسی جیاوازیان هەیە.

ئەو تێزەی كە پێیوایە بەبێ سیستەمی نرخ نەماندەتوانی كۆمەڵگایەك بهێڵینەوە كە لەسەر دابەشكردنی بەرفراوانی كار بەندە وەك سیستەمەكەی ئێمە، ئەو تێزە بە گاڵتەپێكردنەوە پێشوازی كرا كە یەكەمجار لەلایەن ڤۆن میسسەوە 25 ساڵ لەمەوبەر خرایە ڕوو.

ئەمڕۆ ئەو سەختیانەی كە هەندێك كەس هێشتا ڕوبەڕوی دەنەوە لە پەسەندكردنیدا چیتر بەشێوەیەكی بەرفراوان سیاسی نیە، ئەمەش ڕێگە خۆش دەكات لەبەردەم كەشوهەوایەكدا كە گفتوگۆی ماناداری تێدا ئەنجامبدرێت.

كاتێك گوێمان لە لیۆن ترۆتسكی دەبێت دەڵێت "ژمێریاریی ئابوری ڕێگەی تێناچێت بەبێ پەیوەندییەكانی بازاڕ". كاتێك مامۆستا ئۆسكار لانگ بەڵێنی بە مامۆستا میسس دا كە پەیكەرێكی بۆ دروستدەكرێت لە هۆڵە مەرمەڕییەكانی دەستەی پلانی ناوەندی داهاتوودا، و كاتێك مامۆستا ئابا لێرنەر دوبارە ئادەم سمیس دەدۆزێتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە پێكهێنەری سەرەكی سیستەمی نرخ پێكدێت لە هاندانی تاك، لەو كاتەی كە بەدوای سودی خۆیدا دەگەڕێت، ئەوە بكات كە سودی گشتی تێدایە، ئەوكات جیاوازییەكان چیتر ناخرێنە پاڵ بیركردنەوە سیاسییەكان.

ئەوەشی كە دەمێنێتەوە لە نایەكبوون پێدەچێت بەتەواوی جیاوازییەكی ڕۆشنبیرانە بێت و بەشیوەیەكی پراكتیكیانە میتۆدیانە بێت.